The image part with relationship ID rId3 was not found in the file.

# مانگە کوردییەکان

بەرخنەدا( بەرخ بەندە) لەزستاندا زاوزێی مەڕوماڵاتە بەهۆی سەرمای ئەو ماوەیەک لەساردیان بەرخی ناو زگ دەبەستێ.

بێڵندە (بێڵ بەندە) : لەسەرمای زستاندا لەکاتی ماڵینی بەفری سەربانەکان بۆی ساردی زستان بێڵەکە دە بەستێ

مێردم و نۆغەن: دوی ئەوەی نۆغەن دەچێتە ڕاو کە دەگەڕێتەوە مێردەمی لەسەر ڕووبار لە کۆرکردانذا بەستوویەتی، ئەویش بە ئاوی گەرم بەستنەکی دەکاتەوە. حەفتەی نۆغەن بەستنە حەفتەی مێرمیش شکاندنی بەستنەکەیە.

پیت ویار، (پیت و پاڵۆس، عەتەر و پار) 21ی شوبات

هەرسێ حەفتەی (پیت، پار، خدر) ناوهەوی زەوی گەرم دادێت، ئەم سێ حەفتەیە بە سێ پەنگر ناودەبەن لە حەفتەی یەکەمدا پەنگری هەوا دەکەوێ، هەوار گەرم دادێت، لەحەفتەی پاردا ئاو گەرم دادێ، لەحەفتەی خدر پەنگری زەوی دەکەوی زەوی گەرم دادێ.

خدرولاس وەك دووکەسایەتی کە بەهانای کلێلەوماون دێن، لەو ماوەیەدا تا ڕەشەمێ دونیا گەرم دەبێت و خەڵکی لەسەرماوسۆڵەی زستاندا ڕزگاریان دەبێت.

بەفرەی مەلا زێندینان، یەکێکە لە میرەکانی برادۆست لە سیدەکان، پەلە لە خوازبێنی خاتوونەستێکی کچی مامی دەکات و بە زستان دەچێتە شاخی کێلە شین، پاش بەستنی بەسەرماو سۆڵە، بە حەمامی بەژنان بەستنەکەی دەکەنەوە. گیسك 20ی شوبات یەك ڕۆژ پێش ڕەشەمێ دەڵێن گیسك دێتەدەر و دەچێتەسەر تەپۆڵکەکان هەڵبەز و دابەزدەکات. شەرنەرازوو چەند ئەستێرەیکن لە شێوەی تەرازوو، لە بیستی مانگی ڕەشەمێیەسەرماو سۆڵەیەك هەڵدەکات تەرازوو بە گەلاوێژ دەڵێت من لە شوێنی توبام ژن ومێرد لەیەکدەبەستن. سەرمای پیرەژنێ لە بیستو یەکی نەورۆز دەست پێدەکات حەفت ڕۆژ دەخایەنێت، ساڵی واهەبووە بەفریشی لەگەدڵدا بووە.

سەرچاوە: ئارارات ئەحمەد(کۆکردنەوە و شیکردنەوە)، فوتووی عەتارئنیستیتیوتی کەلەپوری کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2008، ل 41-56